**محەمەد ڕەزا شالگونی**

# ئیسلامو مۆدیرنە
## ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا

**وەرگێڕانی**

**عوسمان حەسەن شاکر**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

ئیسلامو مۆدیرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا

محەمەد ڕەزا شالگونی

وەرگێڕانی: عوسمان حەسەن شاکر

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

(١٣٥١) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تایپ: شانیا

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (١٦)

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامـەزراوە، ئەرکەکـەی بریتییـە لـە دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییەکانی هۆشـیارکردنەوەی سیاسـی، فـراوان کردنـی چوارچـێوەکانی ڕۆشـنبیریی گشـتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵـدا، تـاوتوێ کردنـی مەسـەلەکانی بـیری هاوچـەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کـادیران لـە بـوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

ئەرنست گلنەر (Ernest Geliner) یەکێکە لەدیارترین لێکۆڵیارانی بواری فەلسەفەو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لە ٢٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٥، لەپراگ لەدایك بووە، تا ساڵی ١٩٣٩ لەپراگ بەردەوام بووە لەخوێندن، کاتێك خێزانەکەی چونە ئینگلتەرا، گلنەر چووە زانکۆی ئۆکسفۆردو لەوێ خوێندنی تەواوکرد. لەساڵانی (١٩٤٩-١٩٨٤) وانەبێژبوو لەخوێندنگای (لەندەن) بۆ زانستە ئابوری‌و سیاسیەکان، لەساڵی (١٩٦٢)ەوە مامۆستای فەلسەفەو



لۆژیك‌و میتۆدی زانستی بووە. گلنەر لەچەندین زانکۆی خۆرئاوا وەك مامۆستای زانکۆ کاریکردووە، لەساڵی ١٩٩٥ لەشاری پراگ کۆچی دوایی کرد. چەندین لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە لەبارەی ئیسلام‌و کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، لەبەناوبانگترین کتێبەکانی:

-Muslim Society, 1983

-Postmodernism Reason and Religion

گلنەر لەخانەوادەیەکی شارستانی گەورە بووە، ئەو ڕۆژگارە نەیارانی نەژادی سامی زۆرو بەربڵاوبوون لەشاری پراگ، بەتایبەتی لەنێو چینی کرێکاراندا. پراگ ئەو شارەیە لەلایەك تایبەتمەندیەکەی بەکافکاوە بەندە، لەلایەکیترەوە بەسێ ڕەهەندی کلتوری‌و هەردوو زانکۆی چیکی‌و ئەڵمانی دەناسرێتەوە، زانکۆی ئەڵمانی تایبەتمەندی خۆی هەبوو، لەسەروەختێکدا ئەنشتاین لەو زانکۆیە بووە. هەروەها سوودی لەڕووتێکردنی

لێکۆڵیاران وەرگرت، بەهۆی ئەو سیاسەتەی هیتلەر گرتیەبەر، هاوکات لەگەڵ جیاوازی کلتوری شاری پراگ، توندرەویی‌و دەمارگیری نەتەوەییش هەبوو، ئەمە بەشێك بوو لەدۆخە گشتییەکەی ئەو رۆژگارە، گلنەر زۆر پابەندبووە بە شارەکەی‌و هەردەم بەشارێکی جوان‌و بێ وێنە وەسفی کردووە. وەك خۆی دەڵێت لەتاراوگە هەمیشە خەونی بەو شارەوە بینیوە. دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٣٩ ئەڵمانیا پراگی داگیرکرد، گلنەرو خانەوادەکەی ئاوارەی ئینگلتەرا بوون، لەوێوە گلنەر چارەنوسی کەوتە پەراوێزەوە، لەسیەکانی سەدەی رابردوو خوێندنگا میرییەکان (Gramar School) لەسانت ئەلیانز دامەزرا، گلنەر بۆی نەبوو لەوێ بخوێنێت، لەزانکۆی ئۆکسفۆرد دەرفەتی خوێندنی بۆ رەخسا.

گلنەر لەزانکۆی ئۆکسفۆرد فەلسەفەو ئابوری‌و زانستە سیاسیەکانی خوێند، بەپێی سیستمی خوێندنی



ئەم زانکۆیە، خوێندنی فەلسەفە لەپلەی یەکەمدا بوو، ئەوەی زۆر زیرەك نەبوایە نەدەبوو فەلسەفە بخوێنێت، بەمەش گلنەر لەپۆلێنی زانکۆوە ئەوەی بەرکەوت کە ئابوری بخوێنێت، بەڵام وەك خۆی دەڵێت ئەو هەمیشە ئارەزووی خوێندنی فەلسەفەی هەبوو.

ئەم نامیلکەیە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەیە لەتێزو تیۆرەکەی گلنەر سەبارەت بە کلتوری ئیسلامی‌و کلتورەکانی تر، لەوەی چەند دەکرێت ئەم کلتورانە بە ئاراستەی مودێرنە، سکۆلاریزم هەنگاو بنێن، سەبارەت بەوەی چەندە گلنەر لەبۆچوونەکانیدا راستە یان ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردکاریەی کردوویەتی چەندە لەجێگەی خۆیەتی، ئەمە رێژەییە، دەکرێت هەندێك لەبۆچوونەکانی راستیان تیادا بێت، بەڵام مەرج نیە راڤەکانی گلنەر هەموو ئەو ئامانجانەی

پێکابێت کە واقیعی کۆمەڵگای ئیسلامیو کلتورەکانی تری لەسەر وەستاوە.

بەخوێندنەوەی ئەم نوسینە رەخنەگرانەیە دەتوانین لەبەشێکی بۆچوونەکانی گلنەر تێبگەین، گرنگیشە بزانین لێکۆڵیارانی دەرەوەی دونیای ئیسلامی چی لەو کلتورە دەزانن و چەندەش بۆچونەکانیان لەجێی خۆیەتی لەوەی پەیوەندی بەوەرچەرخانی دیموکراسیو مۆدێرنەوە هەیە، لانیکەم خزمەتێك بەپاشخانی مەعریفیمان دەکات.

رەنج جەعفەر

# ئیسلام‌و مۆدیرنە

## ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا

زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئیسلام‌و مۆدێرنە بەناتەبا دەزانن، هەر ئەم ناتەبابوونە دەکەنەپاساو وەك لەمپەری سەرەکی لەبەردەم مۆدێرنیزە نەبوونی وڵاتانی موسوڵماننشیندا، ئەمانە لەڕاستیدا بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بانگەشەکارانی ئایدیالیزمی مێژوویین.

ئاشکرایە زۆر لەهەڵگرانی ئەم بۆچوونە دەیانەوێ ئەمە پەنهان بکەن، چونکە ئیدی ناتوانن نەیاری ئەو ڕاستیە بن کەبیرو تێڕوانینەکانی مرۆڤ



بەهۆی گۆڕانی هەلومەرج‌و ڕەوشی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری گۆڕانیان بەسەردا دێن، بەڵام هەندێك لەتێڕوانینی ئەو کەسانەی کە باسمانکردن، نەك هەرئەوەندەی، لەگەڵ ئەم ڕاستیەدا تەبانین، بەڵکو تائاستی ئەدەبیاتێکی ڕەگەزپەرستانە دادەبەزن‌و جیاوازییەکان دەگێڕنەوە بۆ ماهیەتی ئەو چەمك‌ومیللەتانەی، کە توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامدەدەن.

لێرەدا من قسە لەسەر بەشێك لەتێڕوانینەکانی (گلنەر) دەکەم، ئەمەش لەبەر گرنگی (گلنەر) خۆی وەك ڕوخسارێکی دیاری سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ‌و ناوەندە ئەکادیمیەکانی ڕۆژئاواو کەسێکی هاوڕاو هاوڕێبازی (فیبەر) کە قورسایی‌و گرنگی خۆی هەیە لەڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی‌و هاوچەرخدا.

## ئیسلام، ریزپەڕێك (استثناء) لە ڕێسا

(گلنەر) پێی وایە، لەنێو ئایینە مەزنەکاندا، ئیسلام تاکە ئایینێکە، کە لەبەرامبەر عەلمانیەتدا بەرگری دەکات. گلنەر دەڵێت:" لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، دنیای کۆن خاوەنی چوار شارستانی سەرەکی بوو کە لەنێویاندا، سیانیان بەپلەو ئاستی جیاواز عەلمانی بوونەتەوە. ئایینی مەسیحی بەهۆی قسەکەرانی خۆیەوە ڕێکخراوەتەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ باوەڕی وشکو ڕیشەداردا ناتەبابێت. لەدنیای (چینی) دا، باوەڕێکی عەلمانی بەشێوەیەکی ڕەسمی چەسپیوەو باوەڕە ئایینیەکانی پێشووتری خستۆتە پەراوێزەوە. لەدنیای (هندستان) یشدا هەرچەندە کارگەلێکی وەك دەستگرتنەوە هێشتا برەوی هەیە، بەلاّم



دەوڵەتو دەستە بژێرێك هەن کە لەبەرامبەر ئایینی خەڵکە ڕەشۆکەکەدا، بێلایەنن. بەلاّم لەیەکێك لەم چوار شارستانیەتەدا، واتە شارستانێتی ئیسلامی، ڕەوشێکی بەتەواوەتی جیاواز بوونی هەیە.[١]

ئەم جیاوازییە، لەڕووکەشدا بەتێڕوانینی گلنەر وەك ڕاستییەکی ئەزمونیو سەلمێندراو خۆی دەنوێنێ. لەبەر ئەوەی چەندان جار، لەنووسینە هەمەچەشنەکانیدا، دەیانخاتە ڕوو، هەوڵدەدا سەکۆیەکی پتەویان لێ دروست بکات بۆ شیکردنەوەکانی. بەلاّم لەڕاستیدا ئەو ڕاستیەکی ڕێژەیی دەخاتە ڕوو. ئەم ڕاستییە ڕێژەییەش ئەوەیە کە لەدوو دەیەی ڕابردوودا، ئیسلامگەرایی چالاکترین نموونەی فەندەمینتالیستی ئایینی بووە.

(١) E. Gellner. Postmodernhsm, reason, & religion London, 1922, P 5-6

بەڵام ئەم نموونە سادەیە ناکرێ بکرێتە یاسایەکی گشتی دەربارەی ناتەبایی ئیسلامو مۆدێرنێتە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

١ـ گشتاندنی دیاردەیەکی دوو دەیەیی بۆ مێژوویەکی چواردە سەدەیی جەسارەتێکی دەوێت کە ڕەنگە لەپیشەی ڕاگەیاندندا بەسوودو بەکەڵك بێت، بەڵام بۆ شیکردنەوەی زانستی زیانبارە. هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئیسلام لەدرێژەی مێژووی چواردە سەدەیی خۆیدا لەگەڵ گەلێك ڕەوتی هزریو ڕۆشنبیری جیاوازدا تێکەڵو ئاوێزان بووەو لەهەموو حاڵەتێکدا، لەبەرامبەر فەرهەنگی هاوچەرخدا دیسان پێویستە هەر وەکو ئایینەکانی تر، شایانی ئاڵوگۆڕبێت.

٢ـ کاتێك دەخوازین ئیسلام لەگەڵ ئایینەکانی تردا بەراورد بکەین، پێویستە بەووردی



ڕوونیبکەینەوە کە سەبارەت بە چ شتێك قسەدەکەینو کام شتانە لەگەڵ یەکدیدا بەراوورد دەکەین. چەمکی "ئیسلام" تا ئەو شوێنەی کە تەنها بەمانای ئایینی ئیسلام بەکار دەهێنرێت، زۆر گشتیترو ناڕۆشنترە لەوەی کە بتوانێت چەمکێکی شایانی سوود لێوەرگرتن بێت لەتوێژینەوەیەکی زانستیدا. لەبەر ئەوەی ئاشکرانییە مەبەست لێی، ئەو کۆمەڵە بابەتانەیە کە بە "قورئانو سوونەت"ناسراونو لەچەند کتێبێکی دیاریکراودا کۆکراونەتەوەو دەدرێنە پاڵ خواو پێغەمبەر، یان بۆ نموونە کۆمەڵێ باوەڕی خەڵکی موسوڵمانی ئێرانی ئەمڕۆیە، یان کۆمەڵێك باوەڕی موسوڵمانانی میسری پێش پێنج سەد ساڵ لەئێستایە. هەتا ئەو کاتەش کە ڕوونی دەکەینەوە، کەمەبەستمان لە "ئیسلام" کۆمەڵە بابەتێکە کە بەناوی "قورئانو سوونەت"ەوە ناسراون، دیسان بەچەمکێك

نەگەیشتووین. کە شایانی ڕاڤەکردنێکی زانستی بێت لەبەرئەوەی نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین، کە زۆربەی گروپە ئایینییەکان کاتێك دەچنە سەرهەمان کۆمەڵە بابەت، دەرەنجامگەلێکی زۆر جیاوازو هەندێکجاریش ناچوونیەکی لێ بەدەست دەهێنن. مەبەستم ئەوەنییە کە بڵێم شتێك بەناوی "ئایینی ئیسلام" ەوە بوونی نییە، بەڵکو دەمەوێت بەیادی بهێنمەوە کە بەکارهێنانی ئیسلام وەك ناوێکی گشتی لەتوێژینەوەیەکی شیکاریدا، جگە لەبڵند کردنەوەی بۆ ئاستی توونێلێکی پڕ لەناڕۆشنی و گرێکوێرە هیچ دەرئەنجامێك بەرهەم ناهێنێت. بەڵام گرفتی گلنەر ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنی دڵخوازی خۆی، پێویستی بەچەمکێکی کراوەتر تەنانەت لەچەمکی "ئایینی ئیسلام" یش هەیە. ئەو لەبارەی "شارستانێتی" ئیسلامییەوە قسەدەکات. بەڕاست، مەبەستی لە



"شارستانێتی" ئیسلامی چییە؟ لەبنەڕەتدا "ئایینی ئیسلام" ە سەرەڕای گەلێك شتی تر! سەیر ئەوەیە کەگلنەر لەم بەراوورد کارییەدا، تەنانەت چەمکی "شارستانی" یش بەمانایەکی ئاڵۆزو ناڕۆشن بەکاردەهێنێت، ئاشکرانییە کە ئایا " شارستانی" ئیسلامی لەگەڵ "ئایینی" مەسیحیدا بەراوورد دەکات یان لەگەڵ دنیای چینی و هیندیدا. لەچەند جێگایەکی تردا، کە ئەو هەمان بەراورد دەخاتە ڕوو، "شارستانی" بەمانایەکی نزیك لە "فەرهەنگ" بەکاردەهێنێت[٢] هەڵبەتە لەکۆی

[٢] بۆ نموونە لە Conditon of Liberty کە پێم وایە دواکتێبی ئەو بوو لەپێش مردنی دا، لە "چوار شارستانی باڵای نووسراوە" دا (Litrate higer civilization) قسەدەکات کە هەریەکێکیان " ئایین یان گروپی ئایینە تایبەتیەکانی خۆیان" هەیە ل(١٥)و لە Muslim Society قسە لە "چوار شارستانێتی نووسراوەی باڵا دەستی جیهانی" دەکات (ل ٤).

قسـەکانی گلنـەردا دووخـاڵ بەتـەواوەتی ڕۆشـنە:
یەکەم، ئەوەی کەلەنێوان ئیسلامو ئایینەکانی تردا جیاوازی هەیە، دووەم ئەوەیە کە ئایین فاکتەری چارەنووسسازی "شارستانێتی" یان "فەرهەنگ" یان "دنیایە"، و ئەمەش گێڕانەوەیەکی ئازایانەی هەمان ئایدیالیزمی مێژووییە.

٣. هێشتا ئاشکرا نییە کە ئایا ئایینە هیندیو چینییەکان وازیان لەعەلمانیەتو مۆدێرنێتە هیناوە یان نا؟ هێشتا بەشی هەرەزۆری خەڵکی چینو هیند لەگوندەکاندا دەژین، لەکاتێکدا لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقیا کە مەیدانێکی بەپیتو ئاوەڵای ئیسلامی سیاسین، شارەکان زیاتر لەنیوەی دانیشتوان لەخۆ دەگرن. بەگوزارشتێکی دی، زۆربەی دانیشتوانی چینو هندستان هێشتا لە هەلومەرجێکی بە ئاشکرا



سوونەتی تردا دەژین لە چاو هەلومەرجی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقیادا. لەسۆنگەی ئەمەوە، ساویلکەییە ئەگەر پێمان وابێت کەڕەوەندی عەلمانیبوونی ئایین لەچینو هندستان چارەنووسێکی ڕۆشنی بەدەست هێناوە، عەلمانیەتی فەرمی هەنووکە لەچینو هندستان تائاستێکی بەرز ڕووکەشیانەیەو دەتوانرێت لەقۆناغەکانی مۆدێرنێزە بوونی قوڵی ئەم وڵاتانەدا، لاواز بکرێت. ئەزموونی تورکیا لەم ڕووەوە دەتوانێت ڕۆشنکەرەوەبێت. پێشینەی عەلمانیەتی فەرمی لەتورکیادا ئەگەر لەچینو هیند درێژترنەبێت، کەمترنییە. ئێستا لەدوای (٧٠) ساڵ زیاتر کە دەوڵەتو زۆربەی توێژە دەستەبژێرەکان (نخبة) پارێزگاری لەم عەلمانیەتە فەرمییە دەکەن. بۆ ماوەیەکی درێژ وادەزانرا کە عەلمانیبوونی تورکیا بەدەرئەنجامێکی ڕۆشن گەیشتووە، بەڵام لەم

دەیانەی دواییدا بەپەرەسەندنی دیاردەی کۆچکردن بۆ شارەکان، ئیسلامێکی سیاسی بەهێز لە سەر شانۆ دەرکەوت کە هەڕەشە لە دەسەڵاتی کەمالیزم دەکات.[٣]

(٣) سەیر لەوەدایە کە گلنەر هەوڵدەدا ئەزموونی تورکیا وەك نمونەیەکی تر لە دوژمنایەتی هەتاهەتاییو لەئاشتی نەهاتووی نێوان ئیسلامو مۆدێرنێتە لەقەڵەم بدات. بۆ نموونە ئەو لەوتارێکدا بەناونیشانی (E. Gllner; Encounter with Nationalism, P. 18-19 Oxford 1994) بە ئاماژەکردن بۆ لێکدانەوەی P. Stirling کە لەودا پەرەگرتنی رەوتی کرچکردن بەرەو شارەکان بە فاکتەرێکی گرنگی بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی ناسێندراوە ـ هەرچەندە دەڵێت کەوتۆتە ژێر کاریگەری روونکردنەوەکەی ئەوەوە، بەڵام بەپێ داگرتنو سووربوون لەسەر خوێندنەوە تایبەتیەکەی خۆی بۆ تیۆری یەکەی ئیبن خەلدون، نیشانی دەدات کە قسەکانی لەیەکتر ناسین زیاتر هیچی ترنییە. ئەو لەم وتارەدا تەنانەت سەرسەختی ئایدیۆلۆژی کەمالییزمیش بە (جۆرێك لەبەردەوامێتی ئیسلامی باڵا) دەزانیو کودەتا



ئێستا ئیدی هیچ گومانێك لەوەدا نەماوە کە قەیرانی عەلمانیەتی فەرمی لە هندستانیشدا سەریهەڵداوە. فراوانبونی ئۆتۆریتەی (پارتی باهاراتیا جاناتا) (BJP) کە بەهەڵبژاردنە گشتیەکانی ساڵی ١٩٨٨ توانی لەسەرەوەی حکومەتێکی ئیئتیلافیدا، بەڕێوەبردنی هندستان بگرێتە دەست، دەتوانێ تێکشاندنی عەلمانێتی فەرمی هندستان بەئەنجام بگەیەنێت. نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە (BJP) پارتێکی ناسیونالیستی توندڕەوە کە بەپەرەدان بەدەمارگیری ئاییني هیندۆسو بەتایبەتیش ئاراستە کردنیان دژی موسوڵمانانی هندستاندا خۆی بەهێز دەکات، لەڕاستیدا وێرانکردنی

بەردەوامەکانی سوپای تورکیا بە (جۆرێکی نوێ لەسیاسەتی دەورەیی تائاستێك جیاواز لەگەڵ نمونەی تیۆریە کۆنە ناسراوەکەی ئیبن خەلدون) ناوزەد دەکات.

(مزگەوتی بابری) لەلایەن گروپە چەکدارەکانی (BJP) ەوە بوو کە ئەم پارتەی کردە پارتێکی بەهێزی سەرتاسەری لەهندستان. دوای ئەو ڕوداوەش (کە لە ٢ی دیسامبەری ١٩٩٢دا ڕووی داو بەیەك (بوومەلەرزەی سیاسی چاوەڕواننەکراو دانرا)(BJP) بەشێواز گەلێکی جیاواز هەمان سیاسەتی پەیڕەوکرد. بۆ نموونە (ڕیشوا هندستانو پریشاد) (VHP) کە باڵی ئاییینی (BJP) یە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە هەوڵیداوە بۆ وێرانکردنی سێ هەزار مزگەوتی موسوڵمانان، کە گوایە لەسەر وێرانەکانی پەرستگاکانی هیندۆسەکان دروستکراون، لەسەرتاسەری هندستان هێز کۆدەکاتەوە. لەدواهەمین هەڵبژاردنی گشتی هندستان دا، (BJP) بەهۆی دانی سێ بەڵێنی سەرەکییەوە گۆڕا بەبەهێزترین پارتی ئەم وڵاتە: (دەرکردنی یاسایەك لەپەرلەماندا بۆ



دروستکردنی پەرستگایەك لەسەر وێرانەکانی مزگەوتی (بابری)، هەڵوەشاندنەوەی ڕەوشی یاسایی تایبەتی کشمیر، دەرکردنی یاسایەکی مەدەنی یەکگرتوو[٤].) ئەم یاسایانە هەرسێکیان لەحوکمی ڕاگەیاندنی جەنگدان دژ بە موسوڵمانەکانی هندستانو پراکتیزە کردنیان دەتوانێت بەشێوەیەکی یەکجاری کۆتایی بەژیانی دەوڵەتی عەلمانی لەهندستان بێنێ. بەڵام ئەوەی لەهندستان سەریهەڵداوە دەکرێ لەچینیش سەرهەڵبدا. نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئێستا نزیکەی لە ٧٥٪ی دانیشتوانی چین هێشتا

(٤) The Econmist, 4 April 98 بۆ ئاشنایی پەیداکردن دەربارەی پرسو زەمینەکانی پەرەگرتنی دەمارگیری ئایینیو ناسیونالیستی هندۆس، بڕوانە کتێبە بەنرخەکەی Achin Vanaik بەناونیشانی The Funes of lndin . Commanalism (Verso, 1997)

**لەلادێکاندا دەژین، دەوڵەتی ماویستی هێشتا بەسەر دۆخەکەدا زاڵە، بەڵام بەپەرە سەندنی خێرای سەرمایەداریی لە چین ئەم دووانە هەردووکیان دەگۆڕێن. هەنووکە گەلێك شەپۆلی مەزنی مرۆیی لەڕەوشی شۆڕبونەوەدان بەرەو شارەکانو بەپێی هەڵسەنگاندنەکانی خودی دەوڵەتی چین، لەچەند ساڵی ئایندەدا، زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن کەس لەدانیشتوانی لادێکان بەرەو شارەکان کۆچدەکەن ئەگەر گەشانەوەی سەرمایەداریی ساوای ئێستای چین نەتوانێت بێوەستان درێژەی هەبێت (کە ئەستەمە بتوانێت)، ڕەنگە چینیش دووچاری ئەو کارەساتانە ببێت کە هەرئێستا لەهندستان دەستیان پێکردووە. سەرباری ئەمانە نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە باوەڕداری ئایینی خەڵکی چین لەهندستان پەنهانترە، بەم پێوەدانگە، داوەریکردن دەربارەی ئاستی نەخۆش بوونی عەلمانیەتی**



**فەرمی چین دژوارترە لەوەی هندستان. لەهەموو حاڵەتەکاندا، نابێت هیچ گومانێکمان لەوە هەبێت، کە ئاستی باوەڕداری ئایینی لەچین پێویستە بەرزو بەهێزتر بێت، لەوەی کە هەنووکە بواری دەرکەوتنی هەیە. لەبەر ئەوەی عەلمانیەتی بەزۆر سەپێندراو ناتوانێت باوەڕی ئایینی خەڵك لاوازبکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاستی بەرگریکردنیان دەباتە سەرەوە. بۆ نموونە لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو، هەم مۆدێرنێتە بەپلەو ئاستێکی بەرزترو هەمەلایەنتر لەچینی ئەمڕۆ لەقووڵایی زەینی خەڵکدا بنجی داکووتابوو، هەم کۆنتڕۆڵی دەوڵەتی بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا ڕەقترو پێشینە دارتربوو لەچین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاستەوخۆ لەپاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئایین دووبارە وەك هێزێکی سیاسی ترسناك لەسەر شانۆ پەیدابۆوە.**

٤ـ بەپێچەوانەی تێڕوانینەکانی گلنەرەوە، لەم سەدانەی دوایدا، لەولاتانی موسوڵمانشین دیوارێکی لە بڕین نەهاتوو لەبەرامبەر مۆدێرنێتەدا بوونی نییەو ئایین لەبەشێکی زۆری شانەکانی ژیاندا، ئۆتۆریتەو کاریگەری پێشینی خۆی لەدەستداوە. لەڕاستیدا نیشانەکانی هاتنە دواوەی ئایین لەژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك لەم وڵاتانەدا، ئەوەندە ئاشکراو دیارە کە نکۆڵی لێکردنی پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە هەیە، نەك سەلماندنی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەك بەنموونەکانی ئەم پاشە کشێیە لەئێرانی سێو چواردەیەی دواییدا بکەم. لەبەر ئەوەی دوا پلەو لووتکەی بەهێزی ئیسلام لەئێرانی هەمان سەردەمدا دەتوانین ببینین. لەدنیای ئەمڕۆدا، ئێران تاکە وڵاتێکە، کەتێیدا سووکانی دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەوخۆ بەدەست ڕۆحانییەکانەوەیەو



هۆشیارانەو بەتەواوی هێزەوە تێدەکۆشن، تەواوی شانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی سەر لەنوێ پێناسەو بنیاتبنێنەوە. بەڵام ئەزموونەکان دەڵێن: ئەوانە هەرچی زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆن، بێتوانایی خۆیان لەبەرامبەر ڕەوەندە قووڵەکانی مۆدێرنێتەدا بەڕاشکاوییەکی زیاترەوە نمایشدەکەن. لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦١ دا (شۆڕشی سپی) ی شا زۆرینەی ڕەهای ڕۆحانیەکانی شیعەی خستە سەنگەری نەیاری دەوڵەتەوەو کۆتایی بەئیئتیلافی دوو دەیەیی نێوان ڕۆحانیەتو شانشینی_ کە پاش شەهریوری ١٩٤١ لە بەرامبەر تارمایی بەدەسەڵات گەیشتنی چەپدا شکڵی گرتبوو_ هێنا. (خومەینی لەسەری سەرەوەی ئەم ئۆپۆزسیۆنەدا ڕاوەستاو پاڵنەری سەرەکی ئەم هەڵوێستەشی ئەو دوو ڕیفۆرمە بوو کە بوارەکانی ڕیفۆرمی زەویو

مافی دەنگدان‌و هەڵبژاردنی ژنانی گرتبۆوە). پانزە ساڵ پاشتر، ژنان لەسەرتاسەری کردنەوەو شکستنەهێنانی شۆڕشێکدا، کە خومەینی گەیاندە دەسەڵات، ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینی‌و دەستەنگانی شارو لادێکان بەستوونەکانی شاڵاوی شۆڕش دەهاتنە ژماردن. لەم ڕووەوە، ژنان‌و جوتیاران بوونە گرفتی مەزن‌و سەرەکی ڕۆحانیەکان. لەبەر ئەوەی لەسەرێکەوە، سەرکوت‌و پاشخستن‌و ژێردەستەکردنیان پێویستیەکی پەیڕەوکردنی شەریعەت بووە، لەسەرەکەی تریشەوە کارێکی لەو چەشنە، بەمانای ڕوو بەڕووبوونەوەیە لەگەڵ پایەکانی پاراستنی شۆڕشدا. لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ناچونیەکیە(تناقض)دا بوو، هەوڵیاندا بەهێمنی‌و لەژێر پەردەوە پینەو پەڕۆبکەن، بۆ نموونە مافی دەنگدانی ژنان بسەلمێنن. دەرکردنی (یاسای



پاراستنی خێزان) لەساڵی ١٩٦٦ دا . کە ریفۆرم گەلێکی زۆر لاوەکیبون‌و لەچوارچێوەی بڕیارەکانی شەریعەتدا بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی ژناندا بوو- لەلایەن ڕۆحانیەکانەوە زۆر بەتوندی دژایەتی کراو لەپاش شۆڕش، دادگاکانی پاراستنی خانەوادە ڕاستەوخۆ لەکار خران. بەڵام دە ساڵ پاشتر، لەژێر گوشاری ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ژناندا، ڕۆحانیەتی دەسەڵاتدار ناچاربوو لێکدانەوەیەکی ترو- هەڵبەتە محافزەکارانەتر- لەهەمان یاسای پاراستنی خانەوادە دەربکات. ئاخوندەکان، پێش ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، نەك تەنها سیستەمەکانی دارایی‌و باجی ئەمڕۆیان بەناشەرعی دادەنا، بەڵکو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەپەیڕەوکردنی بڕیارەکانی تایبەت بە پێنج یەك (خومس) و زەکات، دەتوانن کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەو حکومەتێکی ئیسلامی بەهێز

**بنیاتبنێن، بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست هەموو ئەوبانگەشەو قسانەیان بەبێ هەراو هوریاو بەبێدەنگی خستەکەنارەوە[٥] ئەوان حوکمە فیقهیەکانی تایبەت بەکانزاکانیشیان بەهەمان چارەنووس گەیاند. لەبەر ئەوەی لەوڵاتێکی نەوتیدا، بەجدیگرتنی ئەم ئەحکامانە (دەسەڵاتی ئیسلام) دەخاتە مەترسییەوە!**

---

(٥) خومەینی پاش گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی، بڕیارە تایبەتەکانی پەیوەست بە (خومسو زەکات) بەشێوەیەك بەنەگونجاو زانی کە لا یەنگرانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی بە (بێ ئاگایی)و دوور کەوتنەوە لەپێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ تاوانبار دەکردو دەیگوت (پشکی ئیمام ئێستا بەئەندازەیەکە، کە هەموو حەوزەکان کۆ بکەینەوە. . . ئێمە لەکوێ پشکی ئیمامو پشکی ساداتەکان پەیدابکەین کە دەوڵەت بەڕێوەبەرین؟ ئەم هەموو خەڵکە پەیدابوون بۆ گیانی دەوڵەتو خەرجیان هەیە ناتوانین ئیدارەی بکەین. (ڕۆژنامەی نور) بەرگی، ١٨، ل ٢٩٢ لەژمارە ٤١ی گۆڤاری (کیان) ئەکبەر گنجی وەرم گرتووە.



**ڕۆحانیەت، پێش گەیشتنی بەدەسەڵات، مۆسیقای بەحەرام دادەنا، بەلایەوە شەترەنج گوناه بوو، خواردنی گۆشتی ئەوماسیانەی کە پولەکە دارنین دژ بەشەرع دەزانی، بەڵام لەژێر گوشاری خەڵکدا ناچار بوو، بەئاستو ڕێژەی جیاواز، لەهەرسێ بوارەکەدا، پێداچوونەوەو لێکدانەوەی نوێ ئەنجامبدات. فقهێك کە ڕۆحانیەکان بەناوییەوە حوکم دەکەن، دەربارەی کۆیلەداریو وەرگرتنی باجی تایبەت (بەناوی جزیە)وە لەناو موسوڵمانان چەندەها بەشی ئاشکرای هەیە، بەڵام ئێستا ئەم جەنابانە جەسارەتیان نیە دەربارەیان بە دەنگی بەرز قسەبکەن[٦] دیارترینو بەناو بانگترین**

---

(٦) خومەینی پاش گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی، بڕیارە تایبەتەکانی پەیوەست بە (خومسو زەکات) بەشێوەیەك بەنەگونجاو زانی کە لا یەنگرانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی بە (بێ ئاگایی)و دوور کەوتنەوە لەپێویستییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ تاوانبار دەکردو

نموونەی ئەم پاشەکشێیە لە ڕوداوەکانی دەرکردنی
یاسای کاردا ڕوویدا، کە بەهۆی ناچوونیەکی
چەمك و پرنسیپەکانی مافەکانی کاری جێکەوتەو
باو لەکۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئەمڕۆدا لەگەڵ
چەمك و پڕەنسیپەکانی فقهی ئیسلامیدا، ساڵەها
لەدووریەکی ساختەوە ڕایانگرتبووو خومەینی و
دەوروبەرەکەی دەترسان کە ئەم ڕووداوە،
بەتایبەتی لەگەرمەی جەنگی ئێران و عێراقدا،
ناڕەزاییەکی کرێکاری فراوانی لێبکەوێتەوە.
سەرەنجام (لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧)دا

دەیگوت (پشکی ئیمام ئێستا بەئەندازەیەکە، کە هەموو حەوزەکان کۆ
بکەینەوە. . . ئێمە لەکوێ پشکی ئیمام و پشکی ساداتەکان
پەیدابکەین کە دەوڵەت بەڕێوەبەرین؟ ئەم هەموو خەڵکە پەیدابوون بۆ
گیانی دەوڵەت و خەرجیان هەیە ناتوانین ئیدارەی بکەین. (ڕۆژنامەی
نور) بەرگی، ١٨، ل ٢٩٢ لەژمارە ٤١ی گۆڤاری (کیان) ئەکبەر
گنجی وەرم گرتووە.



خومەینی بەدەرکردنی فەتوایەك ڕێگەیدا یاسای
کاری کۆماری ئیسلامی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو
جیاوازیانەی، کە لەگەڵ پڕەنسیپە فیقهیەکاندا
هەیەتی، لەژێرناوی (بەرژەوەندی ڕژێم)دا پەسەند
کراو لەبەرامبەر پرسیارە ڕەخنەیەکانی بەشێك لە
داروەدەستەکەیدا بەڕەسمی ڕایگەیاند (. . .
حکومەت کەهۆبەیەك لەولایەتی ڕەهای پێغەمبەری
خوا. . . یە، یەکێکە لەپڕەنسیپە بنچینەییەکانی
ئیسلام و لەپێش هەموو حوکمە لاوەکیەکانەوەیە،
تەنانەت لەپێش نوێژو ڕۆژو حەجیشەوەیە. . .
حکومەت دەتوانێت. . . هەر پرسێك چ خواپەرستی
بێت یا هەر پرسێکی تر بێت کە جێبەجێکردنی
پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئیسلامە، هەر لەبەر

ئەم هۆکارە، پێشگیری لەجێبەجێکردنی بکات..).[٧] داهێنانی پرەنسیپی (بەرژەوەندی ڕژێم) لەڕیزی (ئەحکامە بنەڕەتیەکانی ئیسلام)و تەنانەت وەك بنەمای پاسەوانی لەم حوکمانە پێکهێنانی دەزگایەکی کاریگەرو بەدەسەڵات بوو لەژێر ناوی (دەستەی دیاریکردنی بەرژەوەندی ڕژێم)، لەسەروو ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیو شورای نیگەهبانەوە، بەمانای داننانیان بوو بەناکارایی ئەوان لەجێبەجێکردنی شەریعەتدا لەبەشێکی زۆری شانەکانی ژیانی ئەمڕۆداو پێشوازیکردن بوو لەپێویستی عەلمانیبونی دەوڵەت. لەڕاستیدا، ڕۆحانیەتی دەسەڵاتدار، بەڕەسمی دانیپیادا دەنێتو دەیسەلمێنێت، کە هەر کاتێك

---

(٧) ڕۆژنامەی (نور) بەرگی ٢٠، ل ١٧. بەوەرگرتن لە ئەکبەرگنجی لەژمارە ٤١ی گۆڤاری (کیان)ەوە.



(بەرژەوەندی)و سوودەکانی خۆیان پێویست بکات، پەیامە ڕاگەیاندراوەکان دەخەنەلاوە[٨]. کە دەریایەك لە خوێن بەناوییەوە ڕێژراوە.

هەڵبەتە، ئەم هەموو پاشەکشێیانە لەپێناوی بەرگریکردن لەحکومەتی ئیسلامیو گونجاندنیان لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆدا شکڵی گرتووە، واتا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عەلمانیەتدا، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا لەژێر گوشاری کۆمەڵگاو ژیانی ئەمڕۆدا سەریانهەڵداوەو تەبایيو چونیەکی تیۆری ڕژێمی مەزهەبی تێکدەدەنو پایەکانی

---

(٨) بۆ نموونەی زیاتر دەربارەی ئەم ڕەوەندە ناچارییەی عەلمانیبون لەکۆماری ئیسلامیدا، بڕوانە (فەرایندی عەلمانی بوونی فیقهی شیعە) نووسینی جیهانگیر صالح پور، ژمارە (٢٤) گۆڤاری کیان، و (دەوڵەتی ئایینی دەوڵەتی) نووسینی ئەکبەر گنجی ژمارە ٤١ی هەمان گۆڤار.

مانەوەی لاواز دەکەن. لەئێرانی ئەمڕۆدا، ئەزموونی دوو دەیەی حکومەتی مەزهەبی، خواستی جیاکردنەوەی ئاینی لە دەوڵەتدا وا جەماوەری کردۆتەوە کە دەتوانرێت بەبێ هیچ زیادەڕۆییەک، بەگەورەترین و هەنووکەیترین هەڕەشە بۆ سەرمانەوەی کۆماری ئیسلامی ناو ببرێت.

گومانی تیانییە کە ئەزموونی ئێرانی ئەم دەیانەی دوایی خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکن، کە گشتاندنیان سەبارەت بەشوێنەکانی تر، پێویستە بەوریاییەوە ئەنجامبدرێ. بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە ئێران باشترین و دیارترین نموونەی ڕاوەستانەوەی ئیسلام لەبەرامبەر مۆدێرنێتەدا نمایش دەکات. ئەگەر لەم جۆرە وڵاتانەدا عەلمانیەت هێزێکی ئاوا بچووک لە خۆی نیشان دەدات،دەبێت ئەوەشمان قبوولْ بێت کە لە (دنیای ئیسلام) یشدا لەمپەرێکی لەشکان نەهاتوو



لەبەرامبەر مۆدێرنێتەدا بوونی نییە. لێرەوەیە، کاتێک گلنەر دەڵێت ئیسلام لەم سەد ساڵەی دواییدا، بەئاشکرا بەهێزتر بووە[9]، تەنها نائاگایی و ئاگادارنەبوونی خۆی بەرامبەر بەڕاستیەکان دەخاتە ڕوو.

٩- بڕوانە (Condition of Liberty)، ل ١٥.

## هەندێك ڕوونكردنەوە
## كە مایەی سەرسوڕمانی زیاترن

قسە بێبنەماكانی گلنەر دەربارەی بەهێزتربوونی ئیسلام لەم سەد ساڵەی دوایدا، لەگەڵ چەند تێزێكی بێپایەتر دەربارەی چۆنێتی ئەم بەهێز بوونە یەكتری تەواو دەكەن. ڕوونكردنەوەكانی هەژاری تیۆرییەكەی چەند قات زێدەتر دەكەن‌و نالۆژیكی ئەو بەڕاشكاوییەكی زیاترەوە نمایشدەكەن.گلنەر دەڵێت مێژووی ئیسلام تا ئەم سەد ساڵەی دوایی، مێژووی ڕووبەڕوونەوەی دەورەیی (ئیسلامی سەرەوە)و (ئیسلامی خوارەوە) بووە. بەپێی تێڕوانینی ئەو



(ئیسلامی سەرەوە) (High Islam) ئیسلامی زانایانی نێو شارەكانە، كە زیاتر لەنێو بورژوازی بازرگانیداسەر هەڵدەدەن‌و بەزۆری زانست‌و بازرگانی لەگەڵ یەكدیداتێكەڵاو دەكەن، ڕەنگدانەوەی بەهاو سەلیقەكانی چینە نێوەندییەكانی شارەكانن. لەم خوێندنەوەیەدا بۆ ئیسلام، هانی دیسپلین‌و لەبەرچاوگرتنی سنوورو هۆشیاری‌و زانستپەروەری دەدرێت‌و. پێ لەسەرتاكە خودایەكی سەختگیرانە دادەگیرێت‌و ڕۆڵی هەر جۆرە نێوەندێك لەنێوان خوداو مرۆڤدا ڕەتدەكاتەوە، بایەخێكی تایبەت بەپاك دینی (Puritonism)و دەقگەرایی دەدرێت. بەڵام (ئیسلامی خوارەوە) كە دەكرێ بە(ئیسلامی ڕەشۆك) (Folk islam)یش ناو زەد بكرێت، بەزۆری لەگەڵ باوەڕبوون بەجادوو پەرستنی پیاوە پیرۆزە نێوخۆییەكان _ كە بەزۆری هەر

(شێخ)ەکان و (پیرە)ە زیندووەکانن _ جیاوازییەکی ڕۆشنی نییەو زیاتر پێ لەسەر حاڵلێهاتن و خودیبوون دادەگرن و گرنگییەکی تایبەت بەموعجیزەو نوشتە دەدەن.

ئەم تێگەیشتنە بۆئیسلام بەزۆری لەنێو گوندنشینەکان و هۆزە کۆچەرییەکان و هەروەها لەنێو دەستەنگان و هەژارانی شاریشدا نفوزو کاریگەری هەیە. هەروەها ڕێگایەکیشە بۆ هەڵاتن لەکوێرەوەرییەکانی ژیانی فەلاکەتباری خەڵکی دەستەنگ. لەسۆنگەی ئەمەوە ئەگەر ئیسلامی سەرەوە بە (ڕاگەیاندن)ێکی ڕەفتار ئامێز بۆ موسوڵمان ناوزەد بکەین، دەتوانین ئیسلامی خوارەوە لەپلەو حوکمی (ئەفیون)ێکی ئارامبەخشدا دابنێین. بەپێی بۆچوونی گلنەر ڕووبەڕووبوونەوە



دەورییەکانی نێوان ئەم دوو خوێندنەوەیە بۆ ئیسلام، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەرچەند ساڵێك، چاکە خوازێکی ئایینی لەنێو شاردا سەرهەڵەدا، کۆمەڵێك هۆزوخێڵ لەخۆی کۆدەکاتەوەو لەپێناوی گۆڕینی (ئیسلامی خوارەوە)بە (ئیسلامی سەرەوە)و لەنێوبردنی (بدعە) باوە نایەکخەرەکانی نێوان خەڵکی دەستەنگ، بزووتنەوەیەکی ئایینی_ خێڵەکی پاکدینی ڕێکدەخات و دەسەڵاتی نێوەندی نێوشارەکان دەکاتە ئامانجی خۆی و لەژێرناوی ڕیفۆرمی ئایینیدا، پێکهاتەیەکی حکومەتی نوێ پێکدەهێنێ. بەڵام لەو سۆنگەیەوە، کە هەلومەرجی ژیانی لادێنشین و خێڵ و هۆزەکان لەگەڵ سەختگیری و چەمکە ئەبستراکتیەکانی ئیسلامی سەرەوەدا نایەتەوە، جارێکیتر کۆنترۆڵی ئیسلامی

بالاّ بەسەر ناوچە لادێنشین و خێڵەکاندا لاواز دەبێت و خەڵکی هەژارو تەنگدەست بۆ جارێکیدی ڕوو دەکەنەوە ئیسلامی خوارەوەو ئەم سوڕانەوەیە پاش ماوەیەك سەر هەڵئەداتەوە. بەلاّم _گلنەر دەڵێت_ لەم سەد ساڵەی دواییدا، بەهۆی گەشەکردنی ڕێگاوبان و هۆیەکانی پەیوەندی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەربازییەوە، سەنترالیزمێکی بەهێزو کاریگەر پەیدا بووەو بەهۆیەوە خێڵەکان هێزو دەسەلاّتی مانۆڕەکانی پێشوویان لەدەستدەدەن و دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاّتێکی نێوەندی بەهێزەوە. سەرەنجام، پایەی کۆمەلاّیەتی (ئیسلامی ڕەشۆك) بەتووندی لاوازدەبێت و (ئیسلامی بالاّ) هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوەندی شارنشینیدا بەهێزدەبێت و بەم شێوەیە، ڕیفۆرمی ئایینی دەوریی جێگای خۆی



بۆ ڕێفۆرمێکی ئایینی جێگیر چۆڵدەکات و کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نوێ بەدەرکەوتنی (نەتەوەیەکی یەکگرتوو) پەیدا دەبێت[١٠].

بەکورتی سەرنجدان لەو ڕوونکردنەوانەی گلنەر هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەمەڕ ئەو ڕاستیەی کە تیۆرییەکەی ئەو بەفەرامۆشکردن و گوێنەدان بەگەلێك ڕاستی مێژوویی و ڕاستی ئەزموونکراوی پەیوەست بەم کۆمەڵگایانەوە داڕێژراوە. ڕێکەوت نییە،کە هەرچی ڕوونکردنەوەکانی ئەو درێژتربێت، سستی و لاوازی تیۆرییەکەی ئاشکراتر دەبێت.

---

[١٠] بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر دەربارەی تیورییەکەی گلنەر، بڕوانە (Muslim Society) بەتایبەتی بەشی یەکەم، بۆ خوێندنەوەیەکی وردتر سەیری (Conditions of Liberty)و بەشی سێیەم، سەرچاوەی ناوبراو لەپەراوێزی ٣ لاپەڕەکانی ٤ـ٢٢.

**دەتوانین لایەنە لاوازە بنەڕەتییەکانی تیۆرییەکەی گلنەر لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:**

**١ـ گەورەترین لاوازی تیۆرەکەی گلنەر میتۆدی ڕاڤە کردنەکەیەتی، کەسووورە لەسەر ئەوەی مۆدێلێکی مێژوویی گشتی بۆ بزاوتی (کۆمەڵگا ئیسلامیەکان) پێشکەش بکات. ئەو بەڕاشکاوییەکی دەمارگیر ئامێزەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە بەشوێن بەدیهێنانی (مۆدێلە گشتییەکان)ەوەیەو پێیوایە مۆدێلێکی لەم جۆرە سەبارەت بە (ئیسلامی باو)بوونی هەیە[11]. ئەو بەشێوەیەکی وادەمارگیرانە بەشوێن ئەم مۆدێلەدا**

[11] بڕوانە نوسینێکی ئەو بەناونیشانی (وەڵامێك بۆ ڕەخنەگران) کە لە The social philoshy of Ernest Cellner, Amsterdam,1996. بڵاوبۆتەوەو کورتەیەك لێی لە ژمارە ٢٢١- NLR دا هەیە.



**دەڕوات کە تەنانەت لەچەند بوارێکیشدا. سەرەڕای هەموو دەستکاریەکان_ ناتوانێت بە (مۆدێلە گشتییەکەشی) ڕوونی بکاتەوە، و بەتەواوەتی بەهەڵبواردەیەکی دادەنێ لەڕێسا[12]. پێداگرتنی لەسەر تاکە مۆدێلێك نیشانی دەدات، کە ئەو لە(کۆمەڵگا ئیسلامیەکان)دا ــ سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان . بەشێکی هاوبەشی چارەنووسساز دەبینێت، شتێك کە چارەنووسی هەموو ئەوانە لەهەموو کۆمەڵگاکانیتر جیادەکاتەوە. بەڵام خاڵی هاوبەش‌و تایبەتی، کە دەتوانرێت بۆ نموونە**

[12] بۆ نموونە ئەو دانیپیێدا دەنێت، کە ناتوانرێ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی مۆدیلی ئیبن خەلدونی ڕوون بکرێتەوە. بەڵام ئامادە نییە ئەوە وەك مۆدێلێکی تر لەپاڵ مۆدێلە پەسەندەکەی خۆیدا قبووڵ بکات، بەڵکو تەنها بە (إستثناء) یەك ناوی دەبات. بڕوانە ل ٩٠ Encouter with Nationalism Muslim Sociey ل ٧٤.

لەنێوان مۆریتانیاو مالیزیادا یان لەنێوان ئۆزبەکستانو ئەندەنووسیادا بدۆزرێتەوە، جگە لەباوەڕی زۆربەی دانیشتوانی ئەو ولاّتانە بەئیسلام شتێکیتر نییە. بەپێی ئەمە پێداگرتنی گلنەر لەسەر هاوچارەنووسی ئەمانە، بەتایبەتیش لەدەورانێکی هەزار ساڵەدا، پێش هەرشتێك نیشانەی پابەندبوونی ئەوە بەخورافیترین جۆری ئایدیالیزمی مێژووییەوە. لەڕاستیدا، ئەو تێدەکۆشێ، بەکۆمەکی خوێندنەوە مرۆڤناسیەکان (ئەویش لەئاستی ئەو لێکۆڵینەوە دیاریکراوانەی لەدامێنی چیاکانی ئەتڵەسیو لەباکووری ڕۆژئاوای ئەفریقیادا کراون) بانگەشە بۆ هەمان تێز بکات کە پێشتر هیگڵ (لەژێر ڕووپۆشی فەلسەفەی مێژوو)داو ڕێنان (لەژێر ڕووپۆشی زمانشوناسی)و ڤێبەر (لەژێر ڕووپۆشی سۆسۆلۆژیا)و خەڵکانی تریش (لەژێر چەندەها ڕووپۆشی بەڕووکەش زانستی) تردا بانگەشەیان بۆ



کردبوو. هەڵبەتە شتێکی سروشتیە کە لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، کەسێکی وەکو گلنەر نەتوانێت بەهەمان ئەو ڕیتمو شێوازە قسەبکات، کە نەژاد پەرستانی وەك: گبینۆ ڕێنان لەسەردەمی ئیمپریالیزمی کۆڵۆنیالیستی دا قسەیان پێدەکرد، بەلاّم میتۆدی شیکاری ئەم نیشانیدەدات، کە بیەوێ یان نەیەوێ درێژەبەهەمان لۆژیكو میتۆدی ئەوان دەدات. (عزیز عەزمە) لەڕەخنە گرتن لەمیتۆدی فکری ئۆرینتالیستەکاندا (رۆژهەلاّتناسان)ـ دەڵێت; خوێندنەوە ئیسلامییەکانی ئەمانە بەهۆی گەلێك فاکتەر درۆی هەڵبەستراوەوە، سەرەنجام ماهیەتی ئیسلامی بەلەدابەشکردن نەهاتوو کۆتایی دێت، کە رۆڵی ڕۆشنگەریانەی بۆ ئەوان وەك ئەو ڕۆڵەیە، کە کیمیای سەدەی هەژدەهەم بۆ ڕوونکردنەوەی سووتان بەفلۆگستن (Phlogiston) داویەتی. ئەمانە وێنەی زیندەوەرێك مەزەنە دەکەن، کە

دەتوانرێ بە (مرۆڤی ئیسلامی) (Homo islamicus) ناو ببرێت، زیندەوەرێکی بێ زمان‌و لەگۆڕان نەهاتوو، کە بەبیر تەسکی‌و دیسپۆتیزم (ئیستبداد)و دواکەوتوویی، دەناسرێتەوە، واتە ڕێك بەپێچەوانەی هەرسێ چەمکی بنەڕەتی (عەقڵ، ئازادی‌و کامڵ بوونەوە) کە (دەورانی بورژوا سەرمایەداری) ئەوانە بەهی خۆی دەزانی[١٣].

دەبێت شیکردنەوەکانی گلنەر بەیەکێك لەدوا نموونەکانی (خوێندنەوەی ئیسلامی)و قسە کەرانی جێگای بایەخی (عەزیز عەزمە) دابنرێت. لەڕاستیدا، (ماهیەتی لەشیتاڵکردن نەهاتووی ئیسلام) بەدیاری کراوی ئەوشتەیە کە لە (مۆدێلی گشتی) گلنەر دا ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەبینێت.

---

(١٣) - بڕوانە

A. AL- Azmeh; Islam and Modernities. Pp [illegible]



هەمان ماهیەتی دژە شیکاری‌و دژە ڕوونکردنەوەیی ئیسلامە، کە ئەو لەهەموو ئایینیەکانیتر جیادەکاتەوەو دەیکاتە تاکە ئایینێك، کەقابیلی هەرسکردن نییە لەمۆدێرنێتەدا. لەم گۆشە نیگایەوە تیۆری گلنەر تەنانەت لەتیۆری ساموئێل هانتینگتن دەربارەی (ململانێی شارستانێتییەکان)_ کە بێ هیچ گومانێك تیۆریەکی سیاسیەو لەئاراستەگەری جیهانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەدەورانی پاش جەنگی ساردەوە هەڵێنجراوە، ناماقوڵترە. لەبەرئەوەی تیۆرییەکەی هانتینگتن، سەرەڕای هەموو لایەنە نالۆژیکیەکانی، دواجار لەڕوونکردنەوەی (ململانێی شارستانێتییەکان)دا پەیڕەوی لەلۆژیکێکی ڕۆشندەکات‌و درزو جیاوازی نێوان (شارستانێتی ڕۆژئاوا)و شەش (شارستانێتی) تری جێگای تێڕوانینی بەهۆکاری بنەڕەتی ململانێکە دەزانێت، بەڵام لەتیۆرییەکەی

گلنەردا، دواجار ئەوە ڕوون نەبۆوە، کەخەسڵەتی ڕیزپەڕی (إستثنائي) ئیسلام لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت.

٢. (مۆدێلی گشتی) گلنەر، هەر بەوجۆرەی، کە خودی خۆیشی دانی پێداناوە، لەسەر بنەمای تیۆری مێژوویی ئیبن خەلدون داڕێژراوە. هەڵبەتە بۆ ئەوەی زیاتر قابیلی بەرگریلێکردن بێت، چەند تێزێکیشی داڤید هیوم و ماکس ڤێبەری بۆ زیاد کردووە و پێکهاتەیەکی لێدروستکردووە لەگەڵ جەوهەری خوێندنەوە مرۆڤناسیەکانی خۆشیدا دەربارەی بیروڕا ئایینیە ڕەشۆکیەکان لەباکووری ئەفریقیادا، تێکەڵاویکردووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە، ئەوەی کە گلنەر دەیڵێت، بەئاشکرا ناماقووڵترو ئاڵۆزترە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری ئیبن خەلدون. لەبەر ئەوەی یەکەم، بەپێچەوانەی تیۆریەکەی ئیبن خەلدونەوە کە لەسەرپایەی



جۆرێک لەماتریالیزمی جوگرافیایی داڕێژراوە. ئەو شتەی، کە مانا بە (مۆدێلی گشتی) گلنەر دەبەخشێت، بۆ چوونێکە دەربارەی ڕوحی نهێنیئامێزی ئیسلام، کە لەهەلومەرجی جیاوازدا تەنانەت پاش بێمانا بوونی ململانێی نێوان بیابانشینان و شارنشینان بەشێوازو ڕووکەشی جیاواز دەردەکەوێت و بەشوێن (مرۆڤی ئیسلامی)یەوەیە. دووەم/ تیۆری ئیبن خەلدون_ لانی کەم لەتێڕوانینی خودی ئەوەوە، بەناچاری نە پەیوەندی بەئیسلامەوە هەیەو نە تایبەتمەندیەکی سەر زەمینە ئیسلامیەکانە، بەڵکو چاودێرە بەسەر پەیوەندییەکانی هۆزە بیابانشینەکان و دەسەڵاتی سیاسییەوە لەکۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا[١٤]. بەڵام

[١٤] ١٤- بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە بەشی دووەمی ئەم ووتارانە لە (راه کارگر) ژمارە ١٤٩، ئازرکاخ ٧٦.

**گلنەر کە دەخوازێت لەوەکالآیەك بۆ بالآی ئیسلام بدۆزێتەوە پەیوەندیەکی لەو جۆرە دەکاتە یەکێك لەتایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و شرۆڤەیەکی وەها جوان سەبارەت بەپەیوەندی (سەنتەر_ کەنار) ئامادە دەکات کە دواجار ئاشکرانیە دەقگەرایی و پاکدینی هەمیشە دەسەلآتی شاراوەیە لەئیسلامدا، کە هۆزە بیاباننشینەکان لەسەر ڕیتمێکی ڕێکوپێك و دەورەیی لەدژی شارنشینان ڕێکدەخات و ڕایدەپەڕێنیّ، یان تێکدانی هاوسەنگی هێزەکان لەپەیوەندی نێوان هۆزەکان و دەسەلآتی سیاسی ناوەندیدا. لەڕاستیدا، ئیبن خەلدون کەشەش سەدە پێش گلنەر ژیاوە، بەئاشکرا زیاتر لەو پشتی بەلۆژیکی خوێندنەوەی بەڵگەی مێژوویی**



**بەستووە[١٥]. هەڵبەتە گلنەر دەڵێت: ململانێی نێوان (ئیسلامی سەرەوە) و (ئیسلامی خوارەوە) پاشکۆیەکە یاخود وابەستەی ململانیّ دەورییەکانی نێوان ناوەند_ کەناری سیاسییە. بەلآم خودی ئەو هەمیشە پابەندی ئەم پرنسیپە نەبووە، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا دەبێت قبوڵی بکات کە نەململانێی نێوان هۆزە بیابانشینەکان و کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان و نەپەیوەندی هۆزە بیابانشینەکان لەگەڵ دەسەلآتی سیاسیدا لەم کۆمەڵگایانەدا**

---

(١٥) ١٥ـ هێندە بەسە ئەو قسەیەی ئەو لەدەستپێکی (پێشەکی) یەکەیدا بهێنینەوە کە دەڵێت: (من لەم کتێبەدا . . ڕاستییەکان لەم بەشەی ڕۆژئاوای زەوییەوە . . باسدەکەم . . بەبێ ئەوەی لەسەر ولآتانی تر قسە بکەم، لەبەر ئەوەی هیچ زانیارییەکم لەسەر ڕەوشی ڕۆژهەلآت و نەتەوەکانی ڕۆژهەلآت نییەو ئەو هەوالآنەی دەگوێزرێنەوە بۆ گەیشتن بەناوەرۆکی ئەوەی من دەمەوێت بەس نییە) پێشەکی ئیبن خەلدون، وەرگێڕانی فارسی ل ٥٩ـ ٦١.

بەناچاری هیچ پەیوەندییەکی بەئیسلامەوە نیە.

سێهەم/ نمونەیەك کەگلنەر دەربارەی ململانێی نێوان ئیسلامی سەرەوەو ئیسلامی خوارەوە فۆرمۆلەی کردووە، لەبنەڕەتدا نمونەیەکی خەیاڵیە. دەبێت سەرنجی ئەوەبدەین، کە جیاوازی نێوان (ئایینی سەرەوە) یان ئایینی فەرمیو ئایینی ڕەشۆکیو ڕووبەڕووبوونەوە پچڕپچڕەکانی نێوانیان، لەکۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرندا تا ڕادەیەك دیاردەیەکی گشتی بووەو بەهیچ شێوەیەك لەچوار چێوەی (دنیای ئیسلام) دا سنوردار ناکرێت. بۆ نموونە ئامادەبوونی شەش سەد ساڵەی دەزگای (ئانکیزیسیون) (پشکنینی بیروباوەڕ) لەئەوروپای مەسیحیدا چۆن دەتوانی ڕوون بکەیتەوە...؟ مەگەر ئەوە نییە کە یەکێك لەئەرکە بنەڕەتیەکانی ئەم دەزگا کلێساییە ترسناکە، وەستانەوە بوو دژ بەهەموو جۆرەکانی بیروباوەڕی ئایینی یان نیمچە



ئایینی خەڵکی ڕەشۆك، کە لەژێرناوی (بدعـة)و لادانی ئایینیدا سەرکوتدەکران؟ لەڕاستیدا، بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی بەتاوانی جادوگەریو شەیتانپەرستی، لەلایەن کلێساوە شکار دەکران، دەخرانە ژێر جۆرەها ئەشکەنجەی دڕندانەوەو ناچاریان دەکردن ئەو تاوانانە (بسەلمێنن) کە دراوەتە پاڵیانو سەرەنجام بەشێکی زۆریان بەشێوازێکی زۆر دڕندانەو ترسناك بڕیاری مەرگیان بەسەردا جێبەجێدەکرا، ئەمانە جگە لەوەی کە هەڵگری باوەڕو قەناعەتگەلێکی ڕەشۆکیانە بوون لەسەر ئایین کە جیاوازە لەگەڵ پەروەردەی فەرمی کلێسادا، هیچ گوناهێکیتریان نەبووە[١٦]. سەرباری

---

[١٦] ـ ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێت، (دەسەڵاتی کلێسەی کاثۆلیك لەوەدا بووەو ئێستاش لەوەدایە) کە پێویستیو گرنگی یەکێتی بیروباوەڕی تەواوی خەڵکی (ئایینی) بەتەواوەتی دەرك پێدەکاتو هەوڵدەدات بەهیچ شێوەیەك ئاستەکانی هزری باشتری خۆی لەئاستە

ئەمەش، لە (دنیای ئیسلام)یشدا_ بەپێچەوانەی قسەکانی گلنەرەوە_ ئەوەی ئایینی سەرەوە لەئایینی خوارەوە جیادەکاتەوە، زۆرتر جیاوازیو ناکۆکیە چینایەتیەکانە تا جیاوازی نێوان هەلومەرجی ژیانی شارنشینانو هۆزەکانی بیاباننشین.

لەسۆنگەی ئەمەوە، ئیسلامی خوارەوە نەتەنها لەنێو هۆزە بیابانشینەکاندا، بەڵکو هەروەها لەنێو جووتیارانو دەستکورتانی شاریشدا خاوەنی ئۆتۆریتەیە (نفوذ)، ئەمە ڕاستییەکە تەنانەت خودی گلنەریش ناچاربووە بەشێوەیەکی ڕاگوزەر، دانیپیێدا بنێ. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو هەوڵدەدا

---

زێڕینەکان جیانەکاتەوە. کلێسای ڕۆمانی بۆ ڕێگرتن لەشکڵ گرتنی (ڕەسمی) دوو ئایینی ڕۆشنبیرانو باوەڕدارانی ئاسایی، هەمیشە پەیگرترین بەرخودانی کردووە) لە (Marxisim and Religion) نوسینی David Mclellan ل ٢٢ وەرگیراوە.



هۆزە بیاباننشینەکان بەفاکتەری سەرەکیو بنەڕەتی (ئیسلامی خوارەوە) بناسێنێ، تا بتوانێت نمونەکەی خۆی بەتەواوەتی فۆرمۆلە بکات. لەکاتێکدا کەجووتیاران، هەم زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێننو هەم چینی بەرهەمهێنەری بنەڕەتی ئەم کۆمەڵگایانە بوون، لەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی (ئیسلامی خوارەوە)دا بێ ئەملاو ئەولا،ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە. چوارەم/ گلنەر بەکردەوە (ئیسلامی خوارەوە)و ئیسلامی (سۆفیگەری) بەیەکێک دەزانێو ئەمەش یەکێک لەهەڵە گەورەکانی ئەوە، بێگومان لەبەشێکی مەزنی (دنیای ئیسلام)دا شان بەشانی ئیسلامی فەقیهان یان شەریعەت، خوێندنەوەیەکی عیرفانی بۆ ئیسلام، بەناوی سۆفیگەری یان تەریقەتەوە دیسان ئامادەییەکی کاریگەری هەیەو ئەم دوانەش جارجارە ڕووبەڕووبوونەوەو ململانێ لەنێوانیاندا ڕوودەدات.

هەروەها هیچ گومانێکی تێدانییە، کەشەریعەت لەنێو چینە باڵاکاندا جێگەیەکی باشترو باڵاتری هەیەو لەشوێنگەی هەرەمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا بەتووندی لێکدەئاڵێن. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە تەریقەت، کە شرۆڤەیەکی دەروونی بۆ ئیسلام دەکاتو لەبری بایەخدان بە ڕووکەشو دیوی دەرەوەی پرەنسیپو بڕیارە ئایینییەکان، جەخت لەسەر مەعریفەی ئیشراقیو ئەزموونی تاکیانە دەکاتو بانگەشەکاری ئاسانو نەرمونیانی کۆمەڵایەتی بووە، لەنێو چینەکانی خوارەوەو زۆرینەی هاوڵاتیانیشدا، لەبایەخو سەرنج ڕاکێشانێکی زیاتر بەهرەمەند بووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین تەریقەت بە (ئیسلامی ڕەشۆکی) ناو بەرین.



لەڕاستیدا، تەریقەت، بەبەراوردکردن لەگەڵ شەریعەتدا، ئاسۆگەلێکی ئاشکراترو فراوانتری لەبەردەم پەیڕەوانیدا دەکاتەوەو ڕەونەق بەدەرکێکی ئاڵۆز سەبارەت بەمرۆڤ و جیهان دەدات. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر، ناوەندی ئیسلامی عیرفانی لەبنەڕەتدا لەشارەکان بووە. لەم ڕووەوە، گێڕانەوەی ئەم جۆرە لەئیسلام بۆ هۆزە بیابانشینەکان یان تەنانەت لادێنشینەکان، نیشانەی بایەخنەدانە بە ڕاستیە مێژوویەکان یاخود ئاگادارنەبوونە لێیان. هەڵبەتە هەبوونی خوێندنەوەی ڕەشۆکیانە بۆ تەریقەت _هەروەکو چۆن بۆ شەریعەت کراوە_ لەنێو هەندێك لەهۆزەکانو بەشێکی زۆری لادێنشینەکاندا، قابیلی نکۆڵیلێکردن نیە. بەڵام هەبوونی ئەم خوێندنەوانە نە بەمانای یەکبوونی ئیسلامی عیرفانیە لەگەڵ

ئیسلامی ڕەشۆکیداو نەبەمانای ناشارییبوونی ئەوە.

٣. ڕوونکردنەوەکەی گلنەر دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕابردوو ئێستای (کۆمەڵگا ئیسلامی)یەکان، گەورەترین شکستی بەڵگەداری ئەوە. ئەو دەڵێت لەم سەد ساڵەی دواییدا، لەدەرئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی نوێدا دەوڵەتی ناوەندی دەسەلاتێکی کۆنترۆڵکردنی بێوێنەی بەدەستهێناوە، کە ئیدی هیچ خێڵو هۆزێك ناتوانێت لەبەرامبەریدا ڕابوەستێتو لەگەڵ بێمانا بوونی دەسەلاتی خێڵەکان لەبەرامبەر دەسەلاتی دەوڵەتدا، (ئیسلامی خوارەوە)شی کردۆتەشتێکی بێماناو بەم پێودانگە دەسەلاتی (ئیسلامی سەرەوە) بێبەرامبەرو ڕکابەر ماوەتەوە. بەلام سەرباری ڕوونکردنەوەکەی گلنەر، بەناچاری ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، کە بۆچی (ئیسلامی سەرەوە)



سەرەڕای هەموو گۆڕانەکانی ئەم سەد ساڵەی دوایی، نەك تەنها هەر ماوەتەوە بەڵکو بەردەوام بەهێزترو یەکدەستتر دەبێت؟ لێرەدایە کە ئایدیالیزمی مێژوویی گلنەر بەئاشکرا شێوەی خۆی نیشان دەدات. هەڵبەتە گلنەر لەپێناوی شاردنەوەیدا پەنا بۆ ململانێی نێوان ئیسلامو (کۆلۆنیالیزم) دەبات[١٧]. بەلام بەم کارەی تەنها ناچوونیەکی تیۆری خۆی ئاشکراو نمایشدەکات. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسلامو کۆلۆنیالیزم (چ لەشێوە

[١٧] ـ ئەو دەڵێت (کۆلۆنیالیزم دەتوانێت ئەو شتە بۆ ئیسلام بکات کە پەراکەندەیی جولەکەکان) بۆ جولەکەکانی بەدیهێنا و . . فشاری دەروونی (موسوڵمانان) تەنانەت پاش سەربەخۆیش دەتوانێت، لەڕێگەی بەدگومانی توێژەکانی ژێرەوەی شارەکان سەبارەت بەفەرمانڕەوایانی کەم تا زۆر ڕۆژئاوا گەریان، بەزیندوویی بمێنێتەوە)بڕوانە ل٦٦ Muslim Society.

ڕاستەوخۆکەیدا بێت یان ناڕاستەوخۆکەی) تەنها بۆ ماوەی دەورەیەکی دیاریکراو دەتوانێت هاوپشتی ئاییـنی موسوڵمانان بەهێز بکات، لەکاتێکدا کە گلنەر ناسازگاری ئیسلام و عەلمانیەت بەدیاردەیەکی ڕاگوزەر دانانێ، بەڵکو بەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئیسلامی دەزانێ. ئەگەرنا هیچ هۆیەك نییە، کە بەشێوەیەکی ڕەها لەبارەی (ترسانی ئیسلام لەعەلمانیەت) قسە بکرێت.

دووەم/ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمدا تەنها بە (دنیای ئیسلام)ەوە سنوردار نابێت، زۆرینەی خەڵکی ئاسیا، کەزۆربەشیان ناموسوڵمان و نامەسیحین، بەجۆرێك لەجۆرەکان لەدوو سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ داگیرکەرو دەسەڵاتدارێتی زلهێزەکاندا دەرگیربوون. لەکاتێکدا بەپێی قسەی گلنەر لەم نێوانەدا تەنها موسوڵمانن کە بەدەمارگیری ئایینیانەوە گرێدراون، بۆچی؟



سێیەم/ مێژووی دوو سەدەی ڕابردوو نیشانیدەدات، کە ململانێی (دنیای ئیسلام)لەگەڵ داگیرکەرو دەسەڵاتدارێتی زلهێزەکاندا، هەمیشەو لەهەموو شوێنێ ئیسلام بەهێزناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئاستی ئۆتۆریتەی ئایینی سونەتی و باو دەهێنێتە خوارەوە[١٨]. ئەوەی لەم ململانێ دەورییانەدا، دەبێتە هۆی چالاکبوونی ئیسلامی باوو سونەتی، زیاتر ململانێی ناوخۆیی و ناکۆکی و ناهاوسەنگیەکانی ڕەوەندی مۆدێرنبوونەوەی ئەم کۆمەڵگایانەیە. گرفتی گەورەی گلنەر لەتێزی (ململانێ لەگەڵ داگیرکەر)دا ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، (ئیسلامی سەرەوە) لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا

(١٨) - بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی گۆڕانکارییەکانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەم دوو سەدەیەی دواییدا بڕوانە: Y. Mchoueiri: Islamic Fundamentalism, London. 1990.

**بەبەشێکی کارتێنەکراوو لەشکستنەهاتوو و بەم پێودانگەش لەگۆڕان نەهاتوو دەزانیێ. ئاشکرانیە بۆچی دەبێت (ئیسلامی سەرەوە) لەڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ فەرهەنگی جیهانگیری (ڕۆژئاوا)دا کە بێگومان، جەمسەری چالاك و چارەنووسسازی ئەم ململانێیەیە، بەکارتێنەکراوی بمێنێتەوەو تەنانەت ئۆتۆریتەی زیاترو یەکدەستتر بەدەست بێنێت؟ بەهەرحاڵ، هیچ یەکێك لەڕوونکردنەوەکانی گلنەر ناتوانێت شکستە بەڵگەییەکانی تیۆرییەکەی بشارێتەوە. تەنانەت ئەگەر هەموو قسەکانیشی لەسەر ڕابردووی ئیسلام بێنینەوە، هێشتا ناتوانین تێبگەین، کە بۆچی( کۆمەڵگا ئیسلام)یەکان بەهۆی ئەم ڕابردووەوە نەیتوانیوە گیانێك بەبەر عەلمانیەتدا بکەن؟ هەڵبەتە ئەم شکستە بەڵگەییە تەنها تایبەتمەندی گلنەر نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی، کە بەپشتبەستن**



**تایبەتمەندی مێژووی ڕابردووی (کۆمەڵگا ئیسلام)یەکان، ئەگەری عەلمانیبون و مۆدێرنبونی ئەم کۆمەڵگایانە دەخەنە ژێرگومانەوە، لەگەڵ هەمان گرفتدا ڕووبەڕوو دەبنەوە[١٩].**

**هەربەو جۆرەی کە ئێستا بەشێکی زۆری چاودێران دەیسەلمێنن خودی گوشاری ئیسلامگەرایی بۆ ئاینیکردنەوەی کۆمەڵگا، دەتوانێت هەوڵ و کۆششەکانی بەعەلمانیکردن لە (کۆمەڵگا ئیسلامیەکان)دا بەهێز بکات[٢٠]. ئەگەر**

---

(١٩) ١٩-لەوانە دەتوانین ئاماژە بەبرتران بادی (B. Bodie). بکەین کە لە Les deux etats: pouroire et Societe en occident et entered Islam. Paris,1986 . بەپشتبەستن بەمێژووی ڕابردووی وڵاتە ئیسلامییەکان، جیایی ئایین و دەوڵەت لەم وڵاتانەدا بەناشیاو دەزانێت.

(٢٠) - بۆ نموونە بڕوانە:

D. Roy failare of political Islam, London, ١٩٩٤, ١٩٩ .

پێوەری گونجان و شیاویی تیۆریەك لەگەڵ واقیعدا، پایەی ئەسڵی پێوانە کردنی دروستی یان نادروستی ئەو بێت، بێگومان دەبێت تیۆرەکەی گلنەر بەیەکێك لەشێواوترین تیۆری بزانین. گرفتی گەورەی گلنەرو زۆربەی ئۆرینتالیستەکان (ڕۆژهەڵاتناس)و فێبەرییەکان (پەیڕوانی ماکس فێبەر) ئەوەیە کە لەڕوونکردنەوەی هۆکارو هەلومەرجی گەشەکردنی مۆدێرنێتەدا پێش هەرشتێك دەیبەستنەوە بەسەرچاوە ئەوروپییەکەیەوە، لەکاتێکدا ئەوەی کە مۆدێرنێتەی جیهانی کردۆتەوە، پێش هەرشتێك شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەو سەرمایەداری هەر چەندە لەسەرەتاوە لەئەوروپا سەریهەڵدا، بەڵام نەیتوانی تەنها لەچوارچێوەی ئەوروپادا سنورداربێت. لەسۆنگەی ئەمەوە، لەلێکۆڵینەوەی ئیمکانات و ڕەخسانی زەمینەی مۆدێرنێتەو



هەروەها ناتەباییەکانی دا، نابێت لۆژیکی سەرمایەداری نادیدە بگرین.

**سەرچاوە**:

**گۆڤـــاری (راه کـــارگر)ی فارســـــی ژمـــاره (١٦٠)ی ارديبهشتو خردادماه** ١٣٧٨. ١٩٩٩ June.

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ز. بلاوکراوەکان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | | بەجولەکەکردن | | |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن.عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبـــــــــژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ ـ ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٨ | ئايين و دەسەڵات | هاشم كەريمى | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فيمينيزم | رەسول سوڵتانى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجيرەيەك گفتوگۆى مەدەنى، عەلمانيەت و ئايين، عەقڵ و شەريعەت، كوردو ميدياى عەرەبى | ئوميّد قەرەداغى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافى چارەى خۆنووسين زنجيرەى هۆشيارى ، | ئيسماعيل بيّشكچى<br>و. رەوا حاجى | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژمارە (١) | | |
| ٣٤٦ | سيستمى سياسى سويسرا زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٢) | خەليل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاين و دەوڵەت لەميسرى سەردەمى محەمەد عەلى پاشادا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٣) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤارى كەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | رۆژنامەى كوردى گۆڤارى هەولێر ساڵى (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنى: د. هيمدادى حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئايندەو ئاسۆكانى چارەسەر، زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٤) | تەحسين ناميق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەجولەکـــەکردن ، زنجـــیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | | ٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیرورا زنجـیرەی هۆشـیاری ، ژمـارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجـیرەی هۆشـیاری، ژمـارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خـانقين .. حكايـات اعـوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسـيزم و سـەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلـــەمان مێـــژووی | ئامادەکردنی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | سـەرهەڵدان و پێکهاتـەو ئەرکەکانی | عادل عەلی | |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشـیاری ژمـارە ١٠ | و. لەعەرەوبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العـراق و امكانيـة التعـايش السلمي فيما بينها زنجـیرەی هۆشـیاری ژمـارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکـەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: سالّح رەحمان | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١<br>٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١<br>١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١<br>١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی ، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١<br>١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١<br>١ |